## حكومەتی هەرێمی ئۆنتاریۆ لە كەنەدا دادگای شەریعەتی ئیسلامی ڕەت كردەوە... كەژال حەمە ڕەشید

kazhalh@yahoo. Com

- "نە دادگای شەریعەت نە دادگای دینی لە ئۆنتاریۆ قبول ناكەین، تەنها یەك یاسا لە ئارادا دەبێت بۆ هەمووان. . . سەرۆك وەزیرانی هەرێمی ئۆنتاریۆ دیلتۆن ماگوینتی"
- ئۆنتاریۆ نابێت بە یەكەم ولایەتی ڕۆژئاوایی بێت كە ڕێگە بدات بە بەكارهێنانی دین و مەزهەبێكی كۆنی سەدان سال لەمەو بەر كە پێی دەلێن یاسای شەریعەت بۆ دیاریكردنی مەسەلە پەیوەندارەكان بە خێزان لە نێو خێزانە موسولمانەكاندا. . .
- ماگوینتی لە ووتەیەكیدا بۆ كەنەدا پرێس ووتی " هەموو دادگا دینیەكان لە كاردەخەین لە هەرێمی ئۆنتاریۆدا. . . "
- هەروەها لە چاوپێكەوتنێكی تەلفۆنیدا لەگەل وەكالەتی ناشنال نیوس ووتی بەخێرایی هەول دەدەین بۆ دابرینی ئەو دادگا دینیانە لە یاسا كە بۆ چەند سالێكە لەلایەن كرستیانەكان و جوولەكەكانەوە لەژێر چاودێری حكومەتی ئۆنتاریۆدا كاردەكەن. . .
- ماگوینتی ووتی دادگا دینیەكان بنەما پایەییەكانی كۆمەلگاكەمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. وە بەلێنی دا بە حكومەتەكەی كە لە نزیكترین ماوەدا یاسایەك دابنێت بۆ لە یاسا دابرینی ئەوانە لە ئۆنتاریۆدا. . .
- هەرەها ووتی لەمە زیاتر نابێت یاسا دینیەكان بریار لەسەر مەسەلە خێزانیەكان بدەن. . .

زیاتر لە سال و نیوێك لەمەو بەر نوێنەرانی گروپە ئیسلامیەكان پرۆژەی دامەزراندنی دادگایەكی ئیسلامی كە بە پێی یاساكانی شەریعەت بەرێوەبچێت بۆ دیاریكردن و بریاردان لەسەر پەیوەندیە خێزانیەكان لە نێو خێزانە ئیسلامەكانی هەرێمی ئۆنتاریۆ لە كەنەدا پێشنیاركرد. حكومەتی لیبرالی كەنەدا لەژێر پەرچەمی مەلتی كەلچرەلیزمداو بەبەهانەی دژی راسیستی خەریكی قبولكردنی پرۆژەكەبوو. پاش ئەم بریارە نارەزایەتیەكی فراوان لە دژی ئەو كارە لەلایەن زۆرێك لە سیاسەتمەداران و رۆشنبیران و نووسەران و رێكخراوەكانی ژنان و رێكخراوەكانی مافی مرۆڤ لەلایەك لەلایەكی تر نارەزایەتیەكی بەهێز لە نێو ژنان و پیاوانی نێو كۆمیونیتیە جۆراو جۆرەكاندا بەتایبەتی ئەوانەی كە لە وولاتە ئیسلامیەكانەوە هاتوون و خۆیان بەعەمەلی دواكەوتوویی ئەو یاسایانەیان تەجروبە كردبوو وەك ئێران و عێراق و هند و پاكستان و ئەفغانستان. . . هتد سەری هەلدا. سەرئەنجام دوێنێ 11ی سێبتەمبەری 2005 بریاری دامەزراندنی دادگای شەریعەت لە ئۆنتارۆ لە زمانی سەرۆكی حكومەتی ئۆنتاریۆ (دالتۆن ماكوینتی) رەت كرایەوە.
لەم ماوەی دووسالەدا كەسایەتیە سیاسیەكانی دژ بەدادگای شەریعەت بەردەوام لە گفتو گۆو مشتوومرو جەنگدا بوون لەگەل لایەنەكانی پەیوەندار بەو مەسەلەیە. رۆژنامەنووسان و نووسەران زۆریان پركردەوە لە لاپەرەی رۆژنامەو گۆڤارەكان سەبارەت بەو مەسەلەیە. رێكخراوەكانی ژنان و خەلكی سكیولار خەریكی میتینگ و كۆنفرانس و رێكخستنی خۆپیشاندان بوون لە دژی ئەو دادگایە.
لەژێر فشارو ترسی ئەم نارەزایەتیانەدابوو هەر دیسەمبەری سالی پار نمایندەی گشتی پێشووی ناشنال دیموكرات پارتی (NDP) حكومەتی ئۆنتاریۆی ئاگاداركردەوە لە مەترسی ئیجراییكردنەوەی دادگای شەریعە.

هۆما ئەرجوماند یەکێك لە کەسایەتیە ناسراوو ماندوونەناسەکانی ئەو نارەزایەتیانە بوو. هۆما کەمپینێکی دژی دادگای شەریعە بەرێخست کە لە هەندێك لە شارەکانی تری کەنەداو هەروەها لە هەندێك لەوولاتانی تری ئەوروپاوە پشتیوانی لێدەکرا. کۆنفرانسی 12ی ئۆگەست واتە مانگێك لەمەو بەر یەکێك لە چالاکیە کانی کەمپینی دژی دادگای شەریعە بوو. یەکێك لە ووتەبێژانی ئەو کۆنفرانسە "ئەییان هیرسی" ژنە سیاسەتمەداری هۆلەندی بوو کە بە یەکێك لە بەرجەستەترین کەسایەتیە سیاسی و کاریگەرەکانی ئەم سەردەمە ناسراوە. هەروەها جۆن کالوود- نووسەرو رۆژنامەنووس، سالی ئارمسترۆنگ-رۆژنامەنووس، ئێلیکا ئینۆلا-نوێنەری مافەکانی ژنان، بۆنی دیمۆند-بەرێوەبەری تەنفیزی پەیوەند بە یاساو ژن، ئەماندا دەیل، ، ، هتد ئەمانە کەسانی ناسراوی دژی دادگای شەریعە بوون و قسەکەری میتینگ و خۆپیشاندانەکان بوون.

رۆژی 8ی سیبتەمبەر، واتە تەنها هەفتەیەك لە مەوبەر بەسەرپەرتی کەمپینی دژی دادگای شەریعە و بەتایبەتی هەلسوراوی سەرەکی ئەو کەمپینە هوما ئەرجوماند خۆپیشاندانێك لە کووینس پارك لەبەردەم کۆشکی پەرلەمانی ئۆنتاریۆدا لە تۆرۆنتۆی پایتەختی ئۆنتاریۆ بەرێخرا. بۆ پشتیوانی کردنی ئەم خۆپیشاندانە لە هەمان کاتدا لە شارەکانی تری کەنەدا لە ئۆتاوا، ڤکتۆریا خۆپیشاندان بەرێخرا. هەروەها لە ئەوروپا لەوولاتانی سوید، ئەلمانیا، هۆلەندا بەهەمان شێوە و لە هەمان کاتدا خۆپیشاندان بەرێخرا. ئەوە بوو هەفتەیەك بەدوای ئەو خۆپیشاندانەدا پەرلەمان بریاری دامەزراندنی دادگای شەریعەی رەت کردەوە. ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەی سکۆلاریزم و شکستێکی ئیسلامی سیاسی بوو. بەو هیوایەی لە کوردستان و لە عێراقیش نارەزایەتی خەلکی سکۆلار بتوانی دەستورێك بسەپێنێ دابراو لە یاساکانی شەریعەو دینی ئیسلام.




Homa Arjomand Ayaan Hersi Ali








Amanda Dale June Callwood Elka Ruth Enola Sally Armstrong

خۆپیشاندانەکانی ئۆتاوا، تۆرۆنتۆ، ڤکتۆریا، سوید، ئەلمانیا، هۆلندا

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-9-2005 15:05













سەرچاوەکان:


1. http://www. thestar. com/ Toronto Star Mon. Sep. 12، 2005.
2. http://www. mytelus. com/news
3. http://www. nosharia. com/